Kurdistan Nêt

# چەند کورتە شیعرێك

دوو هەفتە بوو، زیندانێك هەنسکی دەدا

چونکە بێ تاوانێك لەژێر ئە شکەنجەدا

گیانی دەدا.

*

ووتیان دەم داخە و ووس بە ووس

گەر باسی کۆمۆنیزم کەی

بە پیلانێك ئەتکەن با دز

*

ترس تەوێڵی دەهەژاند،لە ئاکام ئیمزا نەکردن

چۆن دەیزانی ئەم زستانە

ناوی دێ بۆ تەرحیل کردن

*

ڕابەر..ڕابەر..بە شان و باڵ هەڵگوتنیا بوو بە پیشە

هەر کە ڕەخنەی لە حیزب گرت

نەك ڕابەری..دڵسۆزیشیان هەڵ دەکێشاوە لە ڕیشە

*

باوکەکە مرد بەو حەسرەتەی

کە بە لۆمەی خەڵکی شاری دوواکەوتوویی

کچەکەی کوشت

*

هەر چەندی کرد فرمێسك ڕێگای پێ نەدا

ئەو ئێوارەیە نان بخوا

کە بە ڕەنجی جگەر گۆشە 10 ساڵییەکەی پەیدا کرا بوو

*

دڵێك دڵێكی فرۆشت و

چوو لە قۆزاخەی هەراجدابوو بە بووکە سەما کەرە

زۆری نەبرد....لەنێو دەمی گەڵ پەرستان

بوو با جوانی قێز لێ کەرە

*

کۆتایی ساڵی 1998